کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# نیگای چاوەکانم

شارا بەکر – سلێمانی
Shara977@yahoo.com



وەر با وانەی خۆشەویستی و
سۆزو عەشق ووەفات فێرکەم
گەر لە مانای ئەشق تێ ناگەی
دەستت بێنە با لە لەپی دەستت دوارۆژم
بخوێنمەوە
گەر تێناگەی لە ئەویندارى خۆم
سەیری نیگای چاوەکانم بکە
لە پێلوەکانم دا نوسراوە بەیەک دەگەین ...یا..؟
بیرم نەچووە ...
لە نێو لەپی دەستم یادگارییەکانم هەڵگرتووەوە
خۆشەویستیت کردومی بە دێوانەوە
زکری ئەشق دەڵێمەوە..
بەڵکو رۆژی بێت و ببی بە دیوانە
لە تەکییەی ئەشق یەکگرینەوە
ئەوسا تێبگە خۆشەویستی چەند گەورەییە
شێخ و مەلاش ئەیڵێنەوە....